Kurdistannet کوردستان نێت

# جوابێ بۆ ( محی‌الدین سابیر ئەمین )

(( سامان سلێمان ))

پێشەکی باش وایە هەر کەسێ شتێکی نوسی بەڵگەی بە دەستەوەبێت نەك هەرچی بە خەیاڵیدا بێت و پێی خۆش بێت بیلێ و باسی بکات و دەریفرتێنێ .. و ئەو تۆمەتانەی داوتە پاڵ ( یەکگرتوو ) زۆر ناڕەوایە و زۆر دورە لە واقعەوە و پێم باشە بە خاڵ جوابی تۆمەتەکانت بدەمەوە :

١. یەکگرتوو بە بەردەوام دیفاعی لە مافی مرۆڤ کردوە و ئەیکا چونکە (سروشتی بەرنامەکەی وایە ) وبۆ ئەوە هاتوە کە مافی مرۆڤەکان دەستەبەر بێت ، و لەو پێناویدا هەردەم و بەردەوام تێ‌دەکۆشێ .و خۆشی قوربانی دەستی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە لە کوردستاندا ، و ئێستە جەنابت شتێکی وات دیوە ئەوە دیارە تا ئێستا لەم وڵاتە نەبوی .

٢. جەنابت ئەڵێی ( عەرزی عەزەلات بکەن و بڵێن ئێمەش حزبین و هەین) دیارە جەنابت گۆمانت هەیە لەوەی یەکگرتوو ( ٣ ) م حزبی کوردستانە و ئەگەر بە ئینصافەوە حساب و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ تاکە هیوای ئەم میلەتە ستم دیدەیەن و، کورد واتەنی ( مەگەر درۆزن حاشای لێ‌بکات ) .

٣. باسی بێزاری خەڵکی دەکەی لە حزبە ئیسلامیەکان !!! ( وتیان ئەو خەڵکەی تۆ باسی ئەکەی زۆر ڕازین لە حزبە علمانیەکان ) هەروەها باس لە کاریگەری باندە تیرۆریستەکەی ( شێخ زانا ) دەکەی لەسەر جەماوەری یەکگرتوو بۆ زانینت بەستنی کۆنگرە زۆر لە پێش کشف بوونی ئەو تۆڕەوە بوو .

٤. باسی ( تۆڕە داماوەکەی شێخ زانا ) دەکەی کە چۆن پێشتر کرابوون ( بە قوات خاصە ) ی لایەنێ بۆ مەرامی تایبەت بەڵام پاشان ئیشیان پێیان نەما چۆن فلیمیان سوتاندن . ئەو تۆڕە هەموو خەڵکی هەولێر و کوردستان دەزانن بە راست و چەپەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان نیە بە ئیسلامیەکانەوە، بەڵام ئەوانەی کەخۆیان گێل ئەکەن و خۆیان فرۆشتوە ئەو ڕاستیە نازانن .

٥. یەکگرتوو نە هەولێر هەرەسیان هێناوە بە قسەی جەنابت .. ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ دەزگاو حزبە دیموکراسیەکانی کوردستان کە ئابروی کوردیان برد و لە کاتی دەنگداندا لە زۆربەی شوێن ئاڵای ( ...... ) هەڵکردبوو بە بنکەی دەنگدەراندا و کەس بۆی نەبوو لە غەیری ئەوەی ئەوان ئەیان ویست دەنگ بدات بۆ هیچ لایەنێکی تر ، و شایەتی دانی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵا کە ( سێ پارێزگاکەی کوردستان چونەتە ناو لیستی ڕەشەوە ) لای ئەتەوە یەکگرتوەکان باشترین بەڵگەیە .

٦. یەکگرتوو بە ( تلیاك خۆر و بێڕەوشت ) تۆمەتبار دەکەی .. دیارە جەنابت هیچ دەربارەی یەکگرتوو نازانی چونکە یەکگرتوو تەنانەت ( جگەرە کێشانی ) لەناو ڕیزەکانی دا حەرام کردوە نەك مشروب و تلیاك ..هتد و هەروەها خەڵکی بێ‌ڕەوشت بە هیچ شێوەیەك لە ناو ڕیزەکانی دا جێگەیان نەبوە و نابێتەوە .

٧. خەڵکی شاری هەولێر وکوردستان خۆیان باش دەزانن کێ و چ مەرامێ لە پشت ( تۆڕەکەی شێخ زاناوە بوو ) بۆیە نەك ئیسلامیەکان دەرناپەڕێنن بەڵکو وەعدیان داوە پشت و پشتیوانی زیاتر لە ئیسلام و ئیسلامیە ڕەوشت بەرز و جوانەکانی میلەتەکەیان بکەن و ، دژ بە هەر پیلانێك بوەستنەوە دژ بە دڵسۆزانی میلەتەکەیان کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان یە کێکە لەهەرە دڵسۆزەکان بە میلت و دۆزە ڕەواکەی .

لە کۆتاییدا ئەڵێم کاکە ( محی‌الدین ) نازانم چیت بۆ ڕاست کەمەوە ..

هەوڵ بدە بە بەڵگەوە بنوسی چونکە ڕاستە ئەمە ( سایدی انترنێتە )و، کەس ناتبینێ و ناتناسێ بەڵام خۆت ڕامەهێنە لەسەر شتی بێبەڵگە و سبەینێ مێژوو چاو لەکەس ناپۆشێ .

Saman_samad@yahoo.com